ڕۆژی هەینی بوومەلەرزەیەک بە پێوەری 5.4 پلە وڵاتی یۆنانی هەژاند

ناوەندی توێژینەوەی ئەڵمانی بۆ زانستی زەوی زانی ڕایگەیاند کە ڕۆژی هەینی بوومەلەرزەیەک بە پێوەری 5.4 پلە وڵاتی یۆنانی هەژاند و ئاماژەی بەوەشکردووە، بوومەلەرزەکە لە قوڵایی 10 کیلۆمەتردا بووە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە یۆنانەوە بڵاوکراوەتەوە، بوومەلەرزەکە لە نزیک شارۆچکەی مانتودی لە دوورگەی ئیڤیا ڕوویداوە کە نزیکەی 90 کیلۆمەتر لە باکوری ئەسینای پایتەخت دوورە و لەلایەن دانیشتوانی پایتەختی یۆنانەوە هەستی پێکراوە.

هەروەها کاربەدەستان ئامۆژگاری دانیشتوانیان کرد کە خۆیان بەدووربگرن لەو باڵەخانانە و ڕێگا کۆنانەی کە لە ڕابردوودا ڕووخانی تێدا ڕوویدا.

لەلایەکی ترەوە، پەیمانگای جۆداینامیکی ئەسینا ئاشکرای کرد کە بوومەلەرزەکە بە پێوەری 3.7 پلە بووە.